# پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی باکوور هیچ کامێکیان چەکداری یاخیی نین بەڵکوو پێشمەرگەن!

پۆلا سەعید

یەکەم چەپکە گوڵی پەرلەمانی کورد لە دوای ڕاپەڕیینە مەزنەکەی بەهاری 1991ەوە، هێرشێکی چەکداریی ناڕەوایانە بوو بەرانبەر بە پێشمەرگەکانی "پ ک ک"ە. کە من لێرەدا لە زارم نادێتە دەر دەستی ڕەشی چەکدارەکانی چ یەکێتیی نیشتیمانیی و چ پارتی دیموکرات بە دەستی بەهاری پێشمەرگە ناو بەرم. ناوی پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمەی کورد لە یەقینە دوژمنایەتییەکانی نێو خۆماندا بە ناوی پێشمەرگەوە خوێنی یەکدی فت بکەین. لایەنێک خۆی دەکاتە میهرەبان و بێ تاوان و لایەنەکەی بەرانبەریش بە شەڕانگێڕ و تاوانبار دەستنیشان دەکات. هەروەک چۆن قۆناغەکانی خەبات لە دوای ڕاپەڕیینەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیشی بەسەردا هات، وەک بەکار هێنانی ناوی شەهید و خوێنی شەهیدان بۆ مەرامی تایبەتی ڕامیارکاران و لایەنەکان، بۆ دەمکووتکردنی ستوونە بوێرەکان و سەرکووتکردنەوەی ڕووناکبیرانی کورد بەوەی ڕێز لە خوێنی شەهیدان ناگرن، ئەدی ئەوە نییە لەسای خوێنی شەهیدانەوە کوردستانمان بۆ ئازاد کردوون و ڕژێمەکەی سەددامان بۆ ڕووخاندن. ڕەنگدانەوەی وتاری زاڵ لەناو ڕۆژنامەکانی لایەنە ڕامیارکارەکانی کورددا، هەتا بێت ڕەگی بە قووڵایی دەستەڵاتێکی زاڵەوە دادەکووتێت. ئەمەش لە دوو قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەم چینێکی زاڵ هەمیشە دەستەڵاتێکی زاڵ پەسەند دەکات. دووهەم ئایدیۆلۆژیەتێکی زاڵ هەمیشە دەستەڵاتێکی زاڵ پەسەند دەکات. لە ژمارە "166"ی ڕۆژنامەی میدیا دا ڕێکەوتی 15.07.04 لە لاپەڕەی "2"هەمدا. لەژێر ناوی "سێب وۆلکەر"دا ڕۆژنامەی میدیا هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی "پ ک ک"ی بە ناوی " چەکدارە یاخییبووەکان ئاشتییان دەوێ، بەڵام ئامادەشن بۆ شەڕ" بڵاوکردۆتەوە.

سەمەرەکە لێرەدایە کە ڕۆژنامەیەکی کوردیی وەک میدیا ئەو ڕەوایەتییەیە بە کوردەکانی باکوور نابینێت، بە پێشمەرگە ناویان بەرێت. بەڵکوو ڕێگا دەدات بە چەکداری یاخیی ناوزەدیان بکەن. دیارە ئەمەش لە خودی هزری ژەنگگرتووی چ ڕامیاریی پارتی دیموکراتەوە چ لە تێڕامانی بەرتەسکی ڕامیاریی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، بۆچوونێکی بەردەوامیی کارکردنیان بووە لەوەتەی لەسەر پانتایی کورسی دەستەڵاتی میرنشینیانەی خۆیان دانیشتوون. هەربۆشە لە دوای ئازادکردنی شێرەژنی کوردەوە "لەیلا زانا"، دەگمەن چ لە ڕامیارکاران و چ لە نووسەران و ڕووناکبیرانی دیلی ژێر دەستەڵاتی زاڵی لایەنەکان بە لۆگیکەوە تەماشای ئازادکردنی لەیلا زانا و کاریگەرێتیی ئەم ئازادبوونەی لەیلا زانایان لەسەر قۆناغەکانی شۆڕشی کورد کردووە. هەروەکوو چۆن لە هەواڵەکەی میدیادا کە باس لە باکووری کوردستان دەکرێت، ئەوا بە کوردستانی تورکیا ناوی دەبرێت. لەو ڕۆژەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی هێناوەتە ناو خاکی کوردستانەوە چاولێکەرانە خەڵکی کوردیش لەسەر بنەمای فەلسەفیی و ڕێباز و شێوازی فەرمانڕەوایانی یەکێتیی سۆڤیەت، هەوڵوتەقەلای ئەوەیانداوە کە دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیی دابمەزرێنن لە پێکڕای ئەو گەل و نەتەوانانەی نێو دەوڵەتە داگیرکەرەکان. هەمیشە هەوڵی ئەوەیانداوە هەستی نەتەوایەتیی لەنێو ئەم گەلانەدا بتاسێنن و لەناویبەرن، پێیان وایە کە بیر و ئایدیۆلۆژیەتی نەتەوایەتیی بیرێکی بۆرژوازییە و لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سەرمایەدارییدا هاتۆتەکایەوە، بە نەمانی ئەم ئایدیۆلۆژیەتەش بیری نەتەوایەتیی لەناودەچێت. کۆمۆنیستەکان پێیان وایە، کە بیری نەتەوایەتیی بیرێکی کۆنەپەرستیی و بیری فاشیزم و جیاوازییخوازە، ئەم جیاوازییخوازەش دەبێتە هۆی لەتوپەتکردنی نیشتمانی پێکەوەیی پرۆلیتاریای ئەو نەتەوە داگیرکەرانەی کە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. ئەم ئایدیۆلۆژیایەی کۆمۆنیستییەت لە کوردستان دا بێجگە لە سڕکردن و تاساندنی بیروهۆشی نەتەوەیی هیچی دیکەی تێدا نابینرێت کە تۆزقاڵە زەڕڕەیەک بەرژەوەندیی بۆ گەلی کورد هەبێت، ترسناکیی ئەم ئایدیۆلۆژیەتە ئەوەیە کە خانە بە خانەی بیر و هۆشی خەڵکی کوردیان داگیرکردووە، داگیرکردنێک بە شتنەوەی خانەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد. داگیرکردنێکی ناوەکیی کە دەستی هانای لە دەرەوە کەم بۆ درێژدەکرێت. ئایدیۆلۆژیایەک کە وەک نارنجۆکێک لە ناوەوەی خانەکانی بیر و هۆشی مرۆڤی کورددا دەتەقێتەوە، نەگ بەوەی دەیکوژێ بەڵکوو بەشێوەیەکی وەها هەلا هەلای دەکات کە هەر کووتە گۆشتێکی خانەیەکی بیرکردنەوەی بە لایەکدا بڵاودەبێتەوە. ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستیی تەنانەت کاریگەرێتیی خۆی بەسەر پارت و ڕێکخراوە ڕزگارییخوازەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هەبووە، هەر لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە هەر یەکێکیان کلک و پاشکۆی عێراق و ئێران و تورکیایان بە

خۆیانەوە بەستووە. وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. تەنانەت لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆکانیاندا بەردەوام بانگەشەی دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێران و عێراق و تورکیایانکردووە. داوای ئازادیی و مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ گەلانی ژێردەستی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی خاکی کوردستانکردووە. پارتێکی کوردیی جگەلەوەی کە دەبێت خەبات بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان بکات، پێویستە بە هیچ شێوەیەک کلک و پاشکۆی ناوی وڵاتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان بەخۆیەوە نەبەستێتەوە، وەک کوردستانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا. لەمەش سەیرتر ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەم کارە لەلایەن یەکێک لە پارتە چەپەکانی کوردەوە بکرێت ئەوا دەکەونە بەر توانج و تەشەری لایەنە نەتەوەییەکانی کورد. بەڵام بۆ خۆیان ڕەوای هەقە، هەندێکجار وەک وەدەردەکەون کە لە حیزبی شیوعی ئێراقیی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی نێونەتەوەیی ترن. بەوەشدا کە ڕۆژانە لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەردوو تەلەڤیزیۆنی کوردستان و کوردساتەوە بە عەرەبیی و فارسیی و تورکیی بەرنامە پەخش دەکەن. ئەم کارە لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی شیوعی ئێراقییەوە لە کوردستان دا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەڵام ئەو دەم شیوعییەکان کەوتبوونە بەرهێرشی ئەندامانی لایەنە نەتەوەییەکانی کوردەوە و زۆر جار بە خۆفرۆش ناوزەد دەکران. بەڵام ئیمرۆ بۆ خودی خۆیان ڕەوایە و کەسیش پێیان ناڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە. بۆیە ئیمرۆ ناحەزانی کورد و داگیرکەران هەر داوایەک لە کورد بکەن، سەرانی کورد بۆیان دەخەنە سەرگلێنەکانی چاویان. هەتا بۆیان بکرێت هەوڵی شکاندنی "پ ک ک"ە ئەدەن، هەتا بۆیان بکرێت بە تیرۆریست و بە چەکدار و چەتە ناویان دەبەن، وەک چۆن ئەیاد عەللاویی یەکەم پەیامی سەوزی بۆ کورد، ناوزەدکردنی "پ ک ک" بوو بە گروپێکی تیرۆریست. سەرانی کورد ئامادەن هەموو داوایەکی داگیرکەران و ناحەزان بهێننە دی، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین داوای کورد بگەیەننە ئەمانج، کە ئەویش گیانی برایەتیی و تەبایی و یەکێتیی کوردە. پاژنەی پێی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بە بناری قەندیلەوە خەمی داهاتی کورد دەخۆن، لە باڵای هەموو ئەو دەزگا و لایەن و کەناڵانە بەرزترن کە لە نرخیان کەمدەکەنەوە و بە تیرۆریست و چەکدار ناویان دەبەن.

17.07.04